**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٢٦٦٥٠ لە ٢٠٢٢/١١/٢٤**

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنمایی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٢٢/٨/٢١ لە دیوانی وەزارەتی گواستنەوە گەیاندن بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و گواستنەوە گەیاندن و کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٢**

**هەموار یەکەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی فرۆستنی تویژالی (الشريحة الالكترونية) سیمی ئەلکترۆنی (سیم کارت) لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):** هەڵوەشاندنەوەی بڕگە (٥) لە ڕێنمایی سەرەوە و داڕشتنەوەی بەم شێوەی خوارەوە :

(ماددەی یەکەم /٥- **بریکار:** هەر بریکاریکی مۆڵەتدراو کە خاوەنی ناوی بەکارهێنەر و وشەی تێپەڕ و ئامێری بە دیکۆمێنتکردنی ئەلیکترۆنی بۆ کاراکردنی توێژاڵەکان (سیم کارت) بەپێی ڕێککارە یاساییەکان لە مۆڵەتپێدراو وتۆمارکردنی لە وەزارەتی ناوخۆ دەکرێت بە دوو جۆر :

أ- **بریکاری سەرەکی:** هەر بریکارێکی مۆڵەتدراو لەلایەن کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن .

ب- **بریکاری لاوەکی:** هەر بریکارێک یان شوێنیکی فرۆشتنی مۆڵەتدراو لە لایەن بریکاری سەرەکی.

**ماددەی (٢):** هەڵوەشاندنەوەی بڕگە یەکەم لە ماددەی (٦) لە ڕێنمایی سەرەوە و داڕشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە .

**ماددەی (٦)یەکەم: رسومات**

١- بڕی (رسومات )ی( ٥٠٠،٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار بەرامبەر تۆمارکردن و ڕێگەپێدانی هەر بریکارێکی سەرەکی لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت .

٢- بڕی (رسومات )ی (٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار بەرامبەر نوێکردنەوەی ساڵانەی تۆمارکردن و ڕێگەپێدانی هەر بریکارێکی سەرەکی لە وەزارەتی ناوخۆ .

٣- بڕی (رسومات)ی (١٥٠،٠٠٠)سەدوپەنجاهەزار دینار بەرامبەر نوێکردنەوەی ساڵانەی تۆمارکردن وڕێگەپێدانی هەر برێکاریکی لاوەکی لە وەزارەتی ناوخۆ .

**ماددەی (٣):** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵابوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**